# لایەنە باشەکانی دەستووری ئێراق[1]

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٥/٠٩/١٩

بۆچوونەکانی من لە سەر ئەو دەقەی دەستوورکەن کە لە مێژووی ٢٠٠٥/٠٨/٢٩ بە عەرەبی و پاشان ٢٠٠٥/٠٩/٠١ وەرگێڕدراوەکەی بە کوردی و ئینگلیزی بڵاو کراونەتەوە، هەروەها ئەو دوا دەستکارییش کە ٢٠٠٥/٠٩/١٦ بڵاوکرایەوە. هەر سێ تێکستەکە لەسەر ماڵپەڕی حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەست دەکەوێت.[2]

گرینگە ئەوەش باس بکەم کە دەقە کوردیەکە ماددەی (٥٣) تا ماددەی (٩٢)ـی تێدا نییە و هەر بە بۆشی بەجێ هێڵراوە.

پاشان لەبەر ئەوەی کە ماددەی (٤٤) لابرا، ئەوا ماددەکانی دوای ئەو یەکی بە ژمارەیەك دێنە خوار، ئەوجا لەبەر ئەوەی هیچ دەقێکی تەواو کە ئەوە بە دروستیی دیاری بکات تا نووسینی ئەم وتارە بڵاونەکراوەتەوە ئەوا من هەمان ژمارەی ماددەکان وەك خۆیان دەنووسمەوە. بەڵام ماددەی (١١١) کە خاڵی حەوتەمی گۆڕدراوە، من بەو ئاماژەیەوە باسی دەکەم و دەبێت بە ماددەی (١١٠). لەو دەقە زێدەیەدا کە یەك لاپەڕەیە و باس لە دوا گۆڕانەکانی دەستوور دەکات یەکسەر بێ ئەم ڕوونکردنەوەیەی من ماددەی (١١١)ـی کردووە بە ماددەی (١١٠) کە کاری خوێنەر زەحمەت دەکات.

یەك ماددەش زیادکراوە کە لە هەرە دوواوە دێت و دەبێت بە ماددەی (١٣٩). ڕستەیەکیش سەبارەت بە سەرەکوەزیران زیاد کراوە کە شوێنی بۆ دانەنراوە، بەڵام دەبێت بکەوێتە ناو ماددەی (٥٩) و یان (٧٤) بۆ (٧٧).

بەر لەوەی بێمە سەر لایەنە باشەکانی دەستووری ئێراق کە مەبەستی ئەم وتارەیە دەمەوێت بە کورتی لەسەر ئەو لایەنانە بدوێم کە لە زۆر لاوە بە خراپ دەبینرێن و کە منیش پێموایە دەتوانن جێگای بێنەوبەرە بن.

ڕەخنەی جۆراوجۆر لە دەستوورەکە گیراوە. ئەو ڕەخنانەی من تا ئێستا بینیوومن بناخەیەکی نۆرماتیڤیان هەیە، واتە زیاتر لەسەر "دەبێت چۆن بێت" قسە دەکرێت، نەك لەسەر ئەوەی کە چی لە دەستوورەکەدا باشە و چی خراپە و بۆ.

من بە کورتی لەسەر ئەو خاڵانە کە وا بە نێگەتیڤ دەبینرێن ڕادەوەستم.

دەستوورەکە بە پێشەکیەك دەست پێ دەکات، بەم شێوەیە:

١. پێشەکی

"ئێمە ڕۆڵەکانی دۆڵی ڕافیدەین، نیشتیمانی نێردراوان و پێغەمبەران، جێگای حەوانەوەی پێشەوایان و پیاوچاکان و پێشەنگانی شارستانیەت و داهێنەرانی نووسین و لانکەی ژماردن، لەسەر زەوی ئێمە یەکەم یاسا لەلایەن مرۆڤەوە دانرا، لە نیشتیمانی ئێمەدا دادپەروەرانەترین چەرخی سیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵاتان هەنگاوی بۆ نراو لەسەر خاکەکەمان هاوەڵان و پیاوچاکان نوێژیان خوێند و فەیلەسوف و زانایان تێڕامانیان ئەنجامدا و ئەدیب و شاعیران داهێنانیان کرد" و هتد.

ئەم قسانە لە ڕاستیدا هیچ پێوەندیەکیان بە دەستوورەکەوە نییە و لە باشترین حاڵەتیدا پۆلەمیکێکی بێتام و دوور لە باسە irrelivant.

ڕوونکردنەوەی من بۆ ئەمە کە پێموایە پێوەندی بە باسەکەوە هەیە ئەوەیە کە عەرەبی ئێراق دووچاری تێکشکانێکی نەتەوەیی بوون. لە دوای شەڕی کوفەوە[3] نێزیکەی یەکەم جارە عەرەب بەو شێوەیەی

---

[1] من بە باشی دەزانم وشەی (العراق) بە "ئێراق" بنووسم. وشەکە عەرەبی نییە بەڵام شێوەیەکی عەرەبی دراوەتێ، لە ڕووی سیاسیەوە گرینگە کە کوردیش شێوەیەکی کوردی بداتێ.

[2] http://www.krg.org/

[3] ٦٨٧-٦٩١ ز

ئێستا لە ڕووی سیاسیەوە و لە پراکتیکدا کە مانای کۆنکرێتی سیاسی هەبێت بن بە دوو گرووپی شیعە و سوننە. گرووپە شیعەکەش لانی کەم سێ بەشن، ئەوانی کە سیکولاریستن، سەدریەکان و سستانییەکان. سوننەکانیش پەرت و بڵاون.
ئەو خەونەی کە عەرەبی ئێراق بە پارەیەکی خەیاڵیی نەوت و لە هێژمۆنێکی سیاسیدا نە هەر بۆ یەکێتی ئێراق هەیبوو، بەڵکو بۆ یەکگرتنەوەی عەرەبستانی مەزنیش، تەواو تێکشکا. لە ئەنجامی تێکشکانی بزووتنەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبییدا جۆرێك لە نۆستالگییا بەرەو دەستەڵاتی پاوانخوازی و باڵادەستیی ئیسلام هەیە و ئەو دەربڕینە هەستێکی شانازیە لە دۆخی بێدەستەڵاتییدا بەوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەبووە.
هەڵبەتە من بۆیە ئەمە باس دەکەم چونکە پێموایە کە ئەم باسە ئەگەرچی بەشی پێشەکیە بۆ دەستووری ئێراق، بەڵام لە ڕاستییدا کارتێکردن و کاریگەریەکی پراکتیکیی و کۆنکرێتی لەسەر دەستوورەکە نییە و هەر لەو ڕووەشەوە جێی ئارەزووی باس و لێکدانەوەی قووڵ نییە بۆ مرۆڤی کورد.
بۆ نموونە لە نووسینەوەی دەستوورێکدا بۆ کوردستان باس لەوە بکردرێت کە کورد ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەو و کاوەیە لە پراکتیکدا چەند برەوی هەیە؟
گرینگە خوێنەری کورد ئەو تێبینیەش بکات کە شیعەکان خۆیان بە مێژووی ئێراقەوە بەستووەتەوە، بە پێچەوانەی عەرەبە ناسیونالیستە شۆڤێنیەکان کە باس لە قەحتان و قەعقاع دەکەن. شیعەکان لە مێژوودا هێندەیان غەدر لێ کراوە کە ئیسلامەکەیان قبووڵە، بەڵام مەرج نییە خودی عەرەبییەکەیان هێندە بەلاوە گرینگ بێت. ئەم ئێراقە نوێیە تا ئێستا بە مانای لێکدابڕانی زێدەتر و زیدەتری عەرەب بووە، نەك لێکنزیکبوونەوەیان.
سەربارى ئەو لێکدانەوەیەش هێشتا من پێشەکی دەستوورەکە تەواو بێتام دەبینم چونکە مۆرکی پیاوسالاریی، نۆستالگییا بۆ دەستەڵاتێك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەبووە، وابەستەیییەکی ئایینی کە جیاوازیەکی لەگەڵ کۆپیە ئەسڵەکەی ١٤٦٠ ساڵ بەر لە ئێستای نییە، پێوەیە.
هاوکات لە کۆپلەی چوارهەم و پێنجهەمیدا دوو جار باس لە سیستەمێکی "دیموکراتیی، فیدراڵیی، پەرلەمێنتاریی و کۆماریی" دەکات کە تیایدا "پیاوان و ئافرەتان، لاوان و پیران" تێیدا بەشدار دەبن. بە ڕای من ئەم دوو کۆپلەیە لە پراکتیکدا گرینگن چونکە باس لە ئایندە و دامەزراندنێکی سیاسی دەکەن.

سەبارەت بە ماددەی (٢)
یەکەم: ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە:
ا_ نابێت یاسایەك دابنرێت لەگەڵ حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام ناتەبا بێت.
ب_ نابێت یاسایەك دابنرێت کە لەگەڵ بنەما دیموکراسیەکان ناتەبا بێت.
ج_ نابێت یاسایەك دابنرێت کە ناکۆك و ناتەبا بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتیانەی کە لەم دەستوورەدا هاتوون.
دووەم: ئەم دەستووره ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی ئێراق دەپارێزێت. هەروەها تەواوی مافە ئایینیەکانی سەرجەم تاکەکان دەپارێزێت لە ڕووی ئازادی بیروباوەڕ و مومارەسەی ئاینییەوە.

ئەم ماددەی دووە گەورەترین کۆنترادیکتی (خۆدژگۆیی) تێدا کۆبووەتەوە. هەڵبەتە لە سیستەمی دیموکراتیدا، بە هەرحاڵ ئەو دیموکراتیە پان لیبرالییەی لە خۆرئاوادا پیادە دەکرێت، جێگای ئایینی ئیسلامی تێدا دەبێتەوە، بەڵام تا ئێستا جۆرێك سیستەمی ئیسلامیی نییە کە جێگای دیموکراسی تێدا بێتەوە. ئەو سیستەمە ئیسلامییەی ئێراقیش لە ئایندەدا چۆن دەبێت پرسیارێکە کە هەر ئایندە دەتوانێت وەڵامی بداتەوە. ئێمەی کورد لە هەموو ئەو جۆرە ئیسلامانە و ئیسلامیانە بە گومانین و دەلیلمان بە زۆرەوە هەیە، ئەوانی شیعە و سوننەش، هەر یەکە و پێی وایە ئیسلامی ئەوی خۆی لەگەڵ دیموکراسیدا دێتەوە.

کێ دروستە و کێ نا شەڕێکە هێلکەی زۆر تێدا دەشکێت. بە ڕای من خاڵی (ب) و (ج) شمشێرێکی دووسەرەیە کە ئێمەی کورد دژ بە خاڵی (ا) دەتوانین بەکاری بهێنین. سەراپای دەستوورەکەش لەسەر بناخەی لێکدانەوەی لایەنەکان ڕاوەستاوە. ئەوەش بەلانسێکە لە هەبوونی جەمسەری ئاوا دژ بەیەکی وەك کورد/ شیعە/ سوننە لە پێوەندی داگیرکراو و داگیرکاردا هەرگیز لەوە باشتر نابێت.

سەبارەت بە خاڵی دووی ماددەی دوو بە ڕای من زۆر ئاساییە کە ئەو دەستووره "ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی ئێراق بپارێزێت".
هەموو ئاتێیست و سیکولاریستێك، کورد بێت یان نا، دەبێت ددان بەو ڕاستیەدا بنێت کە بەڕاستی زۆرینەی خەڵکی ئێراق موسڵمانن و ئیسلام بەشێکە لە ناسنامەی ئەوان. بەڵێ، ئەوانەمان کە ئاتێیست و سیکولاریستین یان کە بڕوامان بە جودایی ئایین و دەوڵەت هەیە، دەتوانین بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە هەوڵ بدەین، دەتوانین بیخەینە ژێر پرسیار، دەتوانین خەبات بکەین کە ئیسلام لە مومارەسەیەکی شەخسی مانای زیاتر نەدات، بەڵام تا ئەو کاتەی ئەوە دەکەین ئەو ڕاستییە ناشاردرێتەوە کە ئیسلام لە ڕاستیدا، من دەڵێم بە داخەوە، بەشێکە لە ناسنامەی خەڵك. لە تورکیا و پاکستان کە عەرەبیش نین، ئیسلام ناسنامەی یەکەمینی زۆربایەتیە، نەك دووەمین.
هەروەها پێویستیش ناکات حەساسیەتمان بەرانبەر ئەوە هەبێت کە ناوی عەرەب لە دەستوورەکەدا پێش ناوی کورد بێت. بە هەرحاڵ لەسەر کاخەز ناوێك دەبێت پێش ئەوی تر بکەوێت و ئاساییە ناوی عەرەب پێش بکەوێت کە نێزیکەی دوو ئەوەندەی کوردن.

بەکاربردنی وشەی "تەکفیر **infidel**" کە لە پێشەکیەکەدا و پاشان لە ماددەی (٧) دا بەکار بردراوە نە هەر بێمانایە، بەڵکو خەتەرە و بێگومان دەبێت یەکێك بێت لەو خاڵانەی کە دەبێت لە کوردستان ڕوونی بکەینەوە. نازانرێت وشەی "تەکفیر **infidel**" لەوێدا بە چ مانایەك دێت و هەر وەك زۆر شتی دیکە دەچێتە ژێر باری لێکدانەوەوە. کاتێك ئەو وشەیە دژ بە تاکەکەسی ئاتێیست و سیکولاریست و گروپی فێمێنیستی و پارتی سیاسی بەکار ببردرێت تەنیا لەبەر ئەوەی لە لێکدانەوە و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی خۆیدا "خودا"، "قورئان"، "حەدیس"، "محەمەد" و کەسانی دیکەی ئیسلام لەبەرچاو نەگرن، بیانخەنە ژێرپرسیارەوە یان دژایەتیشیان بکەن، ئەوا دەبردرێینەوە بۆ سەردەمی شەڕەکانی بەدر و ئوحد و سەرەتاکانی سەردەمی "نا بۆ هیچ خودایەك الله نەبێت". بۆ ئەو مۆنۆتیزمەی ئێستا بووە بە بەڵا بەسەر جیهانی ئیسلامەوە. بێگومان ئەسڵەن ئەوە یەکێکە لەو خاڵە سیاسیانەی کە وەك مەسەلەی "نازیزم" لە ئوروپا نابێت کۆنسینسوسی سیاسیان لەسەر بکرێت.
خۆ ئەگەر قسە لەسەر نیزامی بەعس و ڕووخاندنی مزگەوت و شوێنی ئایینی شیعەکانە ئەوا دەبێت ڕوون بکرێتەوە وا کە هیچ لێکدانەوەیەکی لابەلایی هەڵ نەگرێت.
ڕەخنەی دیکە گیراون کە گوایە سنووری کوردستان دیاری نەکراوە، باسی مافی چارەی خۆنووسین نەکراوە، مەسەلەی ئافرەت پشتگوێ خراوە و هتد.

وا کە من لە دەستوورەکە گەیشتووم (هەر سێ دەقەکەم لەگەڵ یەکدا بەراوورد کردووە و ئەو کۆپیە کوردیەشم بە وردی خوێندووەتەوە کە هاوڕییانی پارێزەر و مافپەروەر[4] لە عەرەبییەوە کردوویانە بە کوردی) وای نابینم. هەڵبەتە لە باسی لایەنە باشەکاندا ئەم خاڵانە ڕوون دەکەمەوە.
دەبێت ئەوەش بڵێم کە ناوەرۆکی دەستوورێك لە ڕاستییدا بەو مانایە نایەت کە ئۆتۆماتیك دەتوانێت گەرەنتی ئازادی و خۆشبەختی خەڵکان بکات. بەریتانیا، لانکی شۆڕشی پیشەسازییە و گەورەترین دەستەڵاتی کۆلۆنیال بووە و سەرحاڵترین شێوەکانی دیموکراسی پەرلەمانی و بازاری ئازادی تێدا بەرقەرارە و دەستووریشی نییە.

---

[4] سەنتەری ڕۆشنبیری پارێزەران، کە مۆری ٢٠٠٥/٨/٣١ پێوەیە، واتە لە حوکمەتی هەرێم بە دەستوبردتر بوون.

مرۆڤ کاتێك بە وردی لە مێژووی ئێراق ورد دەبێتەوە سەرباری داخ و نیگەرانیی پێکەنینی دێت. بەریتانیای مەزن٨٣ وڵاتی لە بندەستدا بوو، بێ لەو ١٣ ویلایەتەی ئەمەریکا[5]. پاش ٨٥ ساڵ هەموو ئەوانە، ئیرلەندای لێ دەرچێت، زۆربەیان ڕزگاریان بووە، لەوانە تەنیا وڵاتانی کۆمۆن وێلس، سەر بە پاشایەتی بەریتانیا وەك کەنەدا، ئوسترالیا و هتد، بێ گرفتن دەنا هەموو ئەوانەی تر لە ژێر گرفتی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتددا ناڵەیان دێت.
ئێراق یەکێکە لەو وڵاتانە و تێکەڵاویەکە لە هەموو ئەو پێکهاتانەی کە لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونیەوە حەز بە یەك ناکەن. کەمایەتیەکی سوننەی عەرەب کە لە خێری کوشتن و زیندانیکردن و دزی لەزەتی بینیووە ئامادە نییە لەسەر هیچ ڕێك بکەوێت. ئەسڵەن هەر فریا نەکەوتووە لە دۆخەکەش حاڵی بێت و ڕەنگە نەشتوانێت حاڵی بێت.
فشارێکی سیاسیی جیهانیی، بەتایبەتی لەلایەن ئەمەریکاوە، لەسەر کوردە کە بە هەر حاڵ لەم دەمەدا لە ناو ئێراقدا بمێنێتەوە. ئەو هاوپەیمانێتیەی ئەمەریکا لەگەڵ کورددا قازانجی زۆرە و بەڵام بێگومان لایەنی نەرێنیشی دەبێت کە ئێستا باسی ئێرە نییە. ئا لەم ڕووانگەیەوەیە کە جێی خۆیەتی کورد، بەتایبەتی ئەو کوردستانیانەی کە بە دروستییەوە گوماندار و دڵ بە ترسن، لە دەستوورەکە بڕوانن و ببینن کە ئایا ئێمە وەکو کورد دەتوانین لە ئاییندەدا بە قازانجی خۆمان بەرەو ئازادیی نەتەوەیی سوودی لێ ببینین یان نا.
هیچ گرێبەست و دەستوورێك نابێت بە ئەبەدی ببینرێت و پیرۆزیی دەستنێوەرنەدانی بدرێتێ.
من پێم وایە ئەم دەستووره لەم فۆرمەی ئێستایدا سوودی ئاییندەیی بۆ کورد زۆرە و لە بەرقەرارکردنی مافی چارەی خۆنووسینی زۆر نیزیك دەکاتەوە.
لەبەرئەوە باس لە لایەنە باشەکانی دەستوور دەکەم.

سوودە گشتیەکانی پرۆسەی داڕشتنی دەستوور

١. پرۆسەی نووسینەوە و تاوتوێکردن و گەڵاڵەکردنی دەستوورەکە ئەزموونێکی مێژووییە بۆ سیاسەتمەدارانی کوردستان کە فێری دانووستاندن، دەلیلهێنانەوە و داسەپاندنی بەرژەوەندیی ببن. سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەتوانن سوودی گەورەی لێ ببینن.
٢. ئەوە یەکەم جارە لە مێژووی کورددا کە نوێنەرانی کوردستان بتوانن هاوئاست و بە ڕاشکاوی لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەی سەردەستدا لەسەر مافی کورد قسە بکەن. ئەمە پرۆسەیەکی سیاسییە کە نە هەر نوێنەرانی باڵای جودای عەرەب لە ئێراق بەڵکو نوێنەرانی وڵاتانی دیکەی عەرەبیش تێی کەوتوون کە کورد وەك نەتەوەیەکی بندەست لە ڕاستییدا ئازادی و سەربەخۆیی دەوێت و کە ئەمە سەرەتای ئەو پرۆسەیەیە نەك کۆتایی.
٣. لە دەستوورەکەدا یەك (١) جار ناوی زمانی کوردی هاتووە، بە هەمان شێوەی عەرەبی، دوو (٢) جار ناوی کورد هاتووە و پێنج (٥) جاریش لە ڕستەی گرنگدا ناوی کوردستان هاتووە. پەنجاوچوار (٥٤) جار وشەی فیدرال لە بەکارهێنانی جودادا هاتووە، لە بەراووردی وشەی ئیسلام و ئیسلامیی کە تەنها (٦) جار هاتوون. ناوی ئافرەت پێنج (٥) جار لە مانای پۆزەتیڤدا بەکاربردراوە. ئەم ژمارانە لەبەر ئەوە دەنووسم کە ڕەخنەگر هەن دەڵێن کە بەهیچ جۆرێك ئەو ناوانە لە دەستوورەکەدا نییە. پاشان باسی دەکەم کە ئەم ژمارانە لە چ پێوەندیەکدا لە دەستوورەکەدا گرنگن، کە من بە ئەرێنی دەیانبینم و پێموایە قازانجی ئاییندەیی ستراتیژیی لێ دەکەین.

لایەنە باشەکانی دەستوور

---

[5] Massachusetts, New Hampshire, Rhode Island, New York, Connecticut, New Jersey, Pennsylvania, Delaware, Maryland, Virginia, North Carolina, South Carolina, Georgia

بەندی یەکەم: بنەما گشتیەکان
٤. ماددەی (١) بە ڕوونیی باس لە دەوڵەتی ئێراق وەك دەوڵەتێکی "کۆماریی، پەرلەمانیی، دیموکراسیی و فیدراڵیی" دەکات. هەر هەموو ئەم چەمکە سیاسیانە بۆ کورد گرینگن. چەمکی فیدراڵیی زۆر گرینگە بۆ کورد چونکە دەوڵەت تێیدا دەبێت بە دوو جەمسەر، یەکێکیان دەوڵەت و ئەوی دیکەیان کوردستان، کە بەو پێیە ناوی کوردستان دەبێت بە "هەرێمی فیدراڵی کوردستان (لە ئێراق)".
٥. لە سەرەوە لە سەر کۆنترادیکتی ناو ماددەی (٢) دووایین، مەسەلەی ئیسلام و دیموکراتیی. کورد دەتوانێت تا ئەو پەڕی بە بڕگەی (ب) و (ج) دژ بەو خەتەرانە بووەستێت کە "ئیسلام" لەسەر مافی تاکەکەس و ئازادی سیاسی و مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان و هتد هەیبێت. لە بیرمان نەچێت کە هەرێمی فیدراڵیی کوردستان یەکەیەکی سەربەخۆیە و مافی دەرکردن و لابردن و هەڵپەساردنی یاسای هەیە. ئێمە بە زۆر شێوە دەتوانین خۆمان بپارێزین، باشترین شێوە خەباتی خۆمانە بۆ سەپاندنی ئەو مافانەی کە باسمان کردن.
زۆر ماف هەن کە ئێستا گرنگن، بەڵام کە چەندساڵێکی تر بەس ناکەن و بۆ ئەو کاتە کەم دەبن و دەبێت گەورەتر و بەرفراوانتر بکردرێن و بە پێی ئەو دەمە پێشبخرێن. بە واتایەکی دیکە خەباتی ئێمە بۆ ئازادیەکان هەر کاری ئێستا نییە.
پاشان شەڕی دیموکراسی و سیاسی ئێمە لەگەڵ ئەوانەدا کە دەیانەوێت ئیسلام زاڵ بێت پێویستی بە زانیاریە لەسەر ئیسلام. کاتێك دەستوور دەڵێت "نابێت یاسایەك دابنرێت لەگەڵ حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام ناتەبا بێت" بێ لە دژایەتیکردنی بە پێی بڕگەی (ب) و (ج) هەروەها هەر ئەو خاڵە خۆی بێ سەروبنە. ئایا مەبەست لە "ئیسلام" و "حوکمە جێگیرەکانی چییە؟". ئیسلام لەم سەردەمەدا هەر یەك ئیسلام نییە، بەڵکو "ئیسلامەکانە"، واتە لە یەك شێوەی ئیسلام زیاتر هەیە لە جیهاندا. هەر لایەنە و بە پێی خۆی دەتوانێت ئیسلام شی بکاتەوە. ژمارەی جۆری ئیسلام (ەکان) نە هەر بە قەدەر ژمارەی دەوڵەتانی ئیسلامییە، بەڵکو زۆر جار هەر لە خودی دەوڵەتێکدا دەیان شێوەی ئیسلامی تێدایە.
پێش هەر شتێك ئەگەر مەبەست لە ئیسلام قورئانە ئەوا قورئان بە لانی کەم دوو بەشە کە دژ بە یەکن و پێکەو کاریان پێ ناکرێت. لە قورئاندا لایەنێك هەیە کە نەرم و دژ بە زەبروزەنگە، لایەنەکەی دیکەی توندوتیژە و شەڕەنگێزە. حەدیسەکانیش هەر بە هەمان شێوە، لانی کەم دوولایەنی دژ بە یەکن. بێ لەوە سەرچاوەی سوننە هەیە و سەرچاوەی شیعە هەیە. لەسەرچاوەی سوننەشدا خەتی سەلەفی هەیە و لانی کەم چوار سەرچاوەی دیکە هەن کە هەر خۆیان هەندێك جار دەچنە خانەی سەلەفیەوە، لەوانە شافیعیی، حەنەفیی، مالیکی و حەنبەلی. هەر خودی سوننە کە بەو مانایە دێت کە لە "سوننەتی محەمەدەوە" پێ هەڵدەگرێت ئەوا هەر موسڵمانە و بە شێوەیەك لێکی دەداتەوە.
لایەنی شیعە جۆریان زۆرە، یەکەمیان خەتی ١٢ ئیمامەکەن و دەتوانرێت بەگشتی بە "جەعفەری" بناسرێن، دووهەمیان خەتی ئیسماعیلیەکانن کە بڕوا بە ٧ ئیمام دەکەن نەك بە ١٢. پاشان شیعەی عەرەبی هەیە کە ئولتراناسیونالیستن و شیعەی ئێرانی هەن کە لەگەڵ ئێران هاوهەستن. پاشان جۆری دروز هەیە کە لە ڕاستیدا ئێستا تەنیا لە لوبنان و سووریا هەن. زەیدیەکانیش جۆرێکی دیکەن لە شیعە کە باوەڕیان تەنیا بە پێنج (٥) ئیمامە.
من لەم باسەدا مەبەستم ئەوەیە ئەوی چەند کەسێکی عەرەب دەیانەوێت وەك ناسنامەی عەرەبی و ئیسلامی خۆیان بیسەپێنن ناسنامەیەکە کە بە هاسانی دەخرێتە ژێر پرسیار. ئەمە شتێك نییە کە یان بە ڕەش دابنرێت یان بەسپی.
ئێمە دەبێت بزانین قسە لەسەر چ جۆرە ئیسلامێکە و لەو جۆرە ئیسلامەشدا چ لایەنێکی بەکار دەبرێت. بە واتایەکی دیکە خاڵی (ا) لە ماددەی دوو تەنیا کاتێك جێی مەترسییە کە دەوڵەت لە پراکتیکدا (بۆ نموونە وەك ئێران) بتوانێت هەم لێکدانەوەی خۆی بکات بە ڕاستییەکی بابەتی (حەقیقەتێکی مەوزوعی) و هەم بشتوانێت بیشی سەپێنێت. واتا بە هەر بارێکدا خۆی پێی خۆش بێت بای بدات و هەڵی سوڕێنێت. کورد ئێستا لە ئێراقدا هەم دەستەڵاتی ئابووریی، سیاسیی و سەربازیی هەیە و هەم یاساییش. کەس ناتوانێت هەروا بە هاسانی شتێکی بە گۆترە و بە تۆپەڵ بەسەردا بسەپێنێت.

لایەنەکانی عەرەبیش خۆیان هێندە ناتەبان لەگەڵ یەکدا کە ناتوانن لەسەر شتی وا جیدی تەوافوقیان هەبێت و بە پێچەوانەوە هێندەی تر بەینیان تێ دەکەوێت.
بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئیتر کورد تووشی گرفت نابێت. بۆ نموونە کوردێکی موسڵمان کە بیەوێت چوار ژن بهێنێت و بە پێی یاسای کوردستان بۆی نەبێت، دەتوانێت و بۆی هەیە لە دادگای فیدراڵیی شکات بکات. ئەو کاتە لەسەر ئێمەی کورد کەوتووە کە هەم بە پێی یاسای سڤیلی هەرێمی فیدراڵیی کوردستان و هەم بە پێی شێوەیەکی ئیسلام کە لە کوردستان کردێتمان بە "ئیسلامی کوردستان" دژایەتی بکەین. ئەو جۆرە "ئیسلامەی کوردستان" بۆ نموونە دەبێت دژ بەو جۆرە پۆلیگامییە بێت و "زانایانی ئایینی"[6] لە کوردستان بڵێن ئەو دیاردەیە دیاردەی ١٤٦٠ ساڵ لەمەوبەر بووە و ئێستا لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بە کەڵکی کۆمەڵگای کوردستان نایەت.

بە واتایەکی دیکە، ئێمە دەبێت ئامادەگییمان هەبێت کاتێك پیاوی کورد هەبێت کە لە کۆنەپەرستی و بەرژەوەندیی پیاوسالارییدا بیەوێت دژایەتی یاسای پێشکەوتووی هەرێمی فیدراڵیی کوردستان کە سیکولاریست بێت بکات. تا ئەو دەمەی ئێمە کۆمەڵگایەکی سڤیلیی، دیموکراسیی، پەرلەمانیی، پلورالیست و مافپەروەر بخوازین، دەبێت هێندە تۆلەرانسی سیاسیمان هەبێت کە لەو چوارچێوە زۆر توندوتیژەی ئیسلامیخوازانەی ناوچەکەدا بتوانین جێگایەك بە خوداپەرستی تاکەکەس بدەین و لە حاڵەتی توندڕەوییشدا بەرپەچی بدەینەوە.

٦. ماددەی (٣) بەم شێوەیە بوو: "ئێراق وڵاتێکە لە نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاجیا پێك هاتووە، بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی، گەلی عەرەبیش تێیدا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب". پاشان لە دووا دەستکارییکردندا گۆڕدراوە بەمە: " ئێراق وڵاتێکە لە نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاجیا پێك هاتووە، بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی و ئەندامێکی دامەزرێنەر و چالاکی کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەبییە[7] و وابەستەی پەیمانەکانێتی".
برگەی یەکەمی ئەم ماددیە زۆر دروستە و بەشی کۆتاییشیی چ زەرەرێکی بۆ کورد تێدا نییە. لە ساڵی ١٩٤٥ ـەوە ئەم کۆمەڵەی عەرەبیە نەیتوانیوە لە پراکتیکدا شتێکی تایبەتی وەئەنجام بگەیەنێت و دەستکەوتێکی بۆ عەرەب هەبێت. لە ماددەکانیشدا[8] هیچی وای تێدا نییە شایانی باس بێت. هەر بۆ نموونە ماددەی پێنجەمی سەبارەت بە دەستدرێژیی دەوڵەتانی عەرەب دەدوێت دژ بە یەك، بەڵام جەنگ و ناکۆکیەکانی دەوڵەتانی عەرەب، هەندێك جار زیاترن/ زیاتربوون لەوانە کە لەنێوان وڵاتانی دیکەدا ڕوو دەدەن. ئەم دامەزراوەیە بووە بە یانەی دەردەدڵی و گلەیی لەیەککردن.

---

[6] من بە هەموو شێوەیەك دژی چەمکی وەکوو "زانایانی ئایینی"م و بۆ ئەوە خەبات دەکەم کە یاساکانی کوردستان بە هیچ شێوەیەك هیچ جۆرە پێوەندیەکیان بە ئایینەوە نەبێت. بەڵام لەم دۆخەی ئێستادا گەر ئێمە بتوانین و کار بۆ ئەوە بکەین کە ئایینی ئیسلام لە کوردستان بڕیفۆرمێنین و "زانایانی ئایینی" لە کوردستان هەموو ئەو زەبر و توندوتیژیی و ئافرەت چەوساندنەوەیەی ناو ئیسلام لە "ئیسلامی کوردستان" دەربهاوێژن، بە کارێکی باش دەزانم. ئەوە هەم سەرئێشەی سیکولاریستەکان کەم دەکاتەوە و هەم ئەوانەش کە بەهەر حاڵ خۆ بە "موسڵمان" دەناسێنن. بەو شێوەیە ئێمە وەك کورد دەتوانین سوود لە مۆدێلی ئەوورووپای ڕۆژئاوا وەربگرین کە سەربەستیی ئایین لە چوارچێوەی کەسییدا هەبێت، تاکەکەس و خودا بەرانبەر بە یەك تەرەف بن، بەڵام هاوکات ئایین لە هەموو جۆرەکانی دەستەڵاتی سیاسیی خۆی وەدوور بگرێت.
[7] بیستودوو (٢٢) دەوڵەتی عەرەبی هەن (هەڵبەت بە فەلەستینەوە)، لەوانە مۆریتانیا، جیبۆتی، سۆماڵیا و کۆمۆرۆ و سوادن ـیش. خوێنەر سەرنج بدات کە هەم بە عەرەبیش (جامعة الدول العربیة) و هەم بە بە ئینگلیزی The League of Arab Nations یان The League of Arab States باس لە "دەوڵەتانی عەرەبی" کراوە، نە نەتەوەی عەرەب.
[8] بۆ خوێندنەوەی پەیمانامەکە بڕوانە: http://www.middleeastnews.com/arabLeagueCharter.html

٧. ماددەی (٤). ئەم ماددەیە بە ڕوونیی و ڕاشکاویی ددان بە زمانی کوردیدا دەنێت کە بە ڕاسمی لە سەرانسەری ئێراقدا زمانێکی ڕەسمییە و بوارەکانی باس کراوە کە هەندێکیان بە پێی یاسای وردتر ڕێك دەخرێت.
ئەوە خەتای عەرەب یان دەوڵەتی ناوەندی نییە ئەگەر کورد نەتوانێت سوود لەم ماددەیە وەربگرێت. دەبێت بە زووترین کات "حوکمەتی هەرێمی کوردستان" دەزگایەکی بۆ وەرگێڕانی زمان، بەتایبەتی لە ئینگلیزی و عەرەبییەوە بۆ کوردی و بە پێچەوانەوە دابمەزرانداية کە ڕاستەوخۆ بەشێك بێت لە یەکێك لە وەزارەتەکان. هەرچی نووسراوەی کارپێکراو و بەڵگەنامەیە گورجاوگورج تۆمار بکرێت، ژمارە و پەروەندەی لێ بدرێت و وەربگێڕدرێت.
بۆ نموونە سێ (٣) ڕۆژی پڕی خایاندووە تا دەستوورەکە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و بە دڵنیاییشەوە ئەمە هێشتا لە ژێر فشاری کوردستانیاندا کراوە. بە ڕای من هیچ بیانوو و دەلیلهێنانەوەیەك بەس ناکات بۆ ئەوەی ئەو دەقە بە زمانی کوردی هەر یەکەم ڕۆژ ئامادە نەکرێت. ئێمە وەکوو کورد هەموو توانایەکی کارزانیی و ماڵییمان هەیە کە ئەو کارە وەئەنجام بگەیەنین.
کە نەمانکردووە و نایکەین، ڕەنگە خەتای هیچ تاکەکەسێکی کورد نەبێت، بەڵام بە ئاشکرا هۆی ئەوەیە کە کارەکانمان ستروکتوری دروست و حیسابیی نییە و وا ڕێکمان نەخستووە لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەییماندا بێتەوە. ئەمە دیارە سەبارەت بە خوێندن و هەموو جۆرەکانی بەکاربردنی زمانی کوردیی دروستە. ئەوە سەرکردایەتی کوردە دەبێت ئەو دامودەزگایانە دابمەزرێنێت کە ئەو ئەرکە ڕابپەڕێنن.

٧. ماددەی (٥) و (٦) دەربارەی سەروەریی یاسا و گەلانی ئێراق و گۆڕینی دەستەڵات بە ئامرازی دیموکراسی و ئاشتیانە بۆ کورد لە قازانج زیاتر زیانی تێدا نییە.

٨. ماددەی (٧) سەبارەت بە دژایەتیکردنی ڕەگەزپەرستیی، تیرۆر (هەرچەندە هەویرێکە ئاو زۆر هەڵدەگرێت) و پاکتاوی ڕەگەزیی، ماددەیەکی چاکە. ماددەی (٨) و (٩) و (١٠) و (١١) بە هیچ شێوەیەك تەرازووی دەستەڵات بەلای عەرەبدا نابات و لە شوێنی خۆیاندا باشن.

٩. ماددەی (١٢) سەبارەت بە گۆڕینی ئاڵای ئێراق وا کە "ڕەنگی پێکهاتەکانی گەلانی ئێراق بداتەوە" زۆر باشە. خوێنەر تێبینی بکات کە لە ڕاستییدا ئێراقێکی تازە سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە، سنووری دەستەڵاتی سیاسی و ئابووری کوردستان، گەر هەوڵی بۆ بدەین، بەری ئاوەڵەیە.

بەندی دووهەم: ماف و ئازادیەکان

١٠. لە ماددەی (١٤) ـ ـەوە تا ماددەی (٣٤) شتێکیان تێدا نییە کە مرۆڤی کورد قازانجی لێ نەکات. لەوانەدا وشەی "ئافرەت" باس نەکردراوە، بەڵام وشەی "هەر ئێراقیەك"، "هەموو ئێراقیەك" و "ئێراقیەکان" بەکاربردراوە کە بێگومان نابێت بە مانای دەرهاویشتنی exclusion ـ ـی ئافرەت لێك بدرێتەوە و هیچ هۆیەکیش نییە کە وا لێك بدرێتەوە.
جێی خۆیەتی حوکمەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێك بۆ پرسی بەرابەریی و هاومافیی ئافرەتان و پیاوان دابمەزرێنرێت. ئافرەتان دەبێت دەستیان بخەنە هەموو کاروبارێکەوە و داوای لە سەدا پەنجای دەستەڵات بکەن، بەڵام تا ئەو کاتەی ئەوەیان دەست دەکەوێت هەموو ڕیفۆرمێکی باش بەخێر بهێنن. دروشمی دروست دەبێت بڵێت کە هیچ بوارێکی کۆمەڵگا نییە بواری ئافرەتان نەبێت.
ماددەی (٣٤) باس لە فێرکردنی زۆرەملێ دەکات لە قۆناخی سەرەتاییدا. بەڵام لەبەرئەوەی "قۆناخی سەرەتایی" چەمکێکە کە هەر دەوڵەتەی دەتوانێت بە شێوەیەك لە سیستەمی خوێندندا پێناسەی بکات،

من پێشنیار دەکەم کە قۆناخی سەرەتایی بە هەر حاڵ لە هەرێمی فیدراڵیی کوردستان بریتی بێت لە نۆ (٩) ساڵ خوێندن، نەك شەش (٦) ساڵ. لە سەدەی بیستویەکەمدا شەش ساڵ خوێندن لە ئاستی جیهانیی و لە بواری زانستە جوداکاندا بایی هیچ ناکات.

ماددەی (٣٦) وشەی "ئادابی گشتی" (بڕوانە تێکستە کوردییەکە، لە ئینگلیزیەکەیدا Public Order) کە بە ڕای من "ئاسایشی گشتیی/ یاسا و ڕێسای گشتیی/ نەزمی گشتیی" دروستترە، جێی بێنە و بەرەیە و لە وڵاتانی دیکتاتۆر و تۆتالیتار و فاشیستدا بە هەموو شێوەیەك دژ بەو هاووڵاتی و گرووپانە بەکار دەبردرێت کە جۆرێك لە نارەزایی نیشان دەدەن. لەبەر ئەوە گرنگە ئەمە وردتر ڕوون بکرێتەوە، هەم سنوور و هەم بنمیچیشی بۆ دیاری بکردرێت.
ماددەی (٤٣) بڕگەی (٢) سەبارەت بە دڵخوازیی دەوڵەت بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی هۆزە ئێراقیەکان، شتێکە کە دەبێت ئێمەی کورد بە وریابین لێی. لە کۆمەڵگای سڤیل و دیموکراسیدا (من هەقم بەسەر بەشە عەرەبەکەی ئێراقەوە نییە) هیچ هۆیەك نییە بۆ کردنی مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ هێز و خێڵدا و دەوڵەتۆکە لە نێو دەوڵەتدا دروست ناکردرێت.

بەندی سێهەم: دەسەڵاتی فیدراڵیی
بەشی دەستەڵاتی یاسادانان، ئەنجوومەنی یەکێتی (فیدراڵیی؟)، دەستەڵاتی جێبەجێکردن، سەرۆككۆمار، کابینە، دەستەڵاتی یاسا
١١. لە ماددەی (٤٦)ـەوە بۆ (١٠٦) پارسەنگی دەستەڵاتی سیاسیی بەلای عەرەبدا نەشکاوە و ناشکێت. کورد لە هەموو بوار و ئاستێکدا بۆی هەیە چالاك بێت. ئەو گومانانەی لە سیستەمێکی دەستەڵاتی عەرەبی دەکردرێن، لە پراکتیکدا بەو مانایە نایەت کە ڕاست دەردەچن، بەڵام بەو مانایە دێت کە کورد دەبێت هۆشیار و کارزان و چالاك بێت.
هاوکات خاڵ هەن کە جێی تێڕامانن. بۆ نموونە: ماددەی (٧٢) و (٨٠) سەبارەت بە دیاریکردن و چەسپاندنی مووچەی سەرەككۆمار، سەرەکوەزیران و وەزیرانە بە پێی یاسا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باس نەکراوە کە ئەوان یان یەکێك لەوان نابێت خاوەنی پارەیەك بێت/ بن کە بتواندرێت بخرێتە ژێر پرسیار.

بەندی چوارهەم: بوارەکانی دەستەڵاتی فیدراڵیی

١٢. ماددەی (١٠٧): "دەستەڵاتی فیدراڵیی یەکێتیی، یەکپارچەیی، سەربەخۆیی، سەروەریی، و سیستەمی فیدراڵیی دیموکراسیانەی ئێراق دەپارێزێت" (لە دەقە کوردیەکەدا دروست نەنووسراوە، من ئەمەی خۆم لە عەرەبیەکەوە وەرگێراوە).
هەڵبەت ئەم ماددەیە دەکرێت بە شێوەی جودا لێك بدرێتەوە، بەڵام یەك لە مانا ڕوونەکانی ئەوەیە کە "یەکپارچەیی، سەربەخۆیی، سەروەریی" ئێراق تا ئەو کاتە دەتوانێت بمێنێتەوە (بڕ دەکات/ برەوی دەبێت) کە لەسەر بنەمای دیموکراسیی فیدراڵ بێت.

١٣. ماددەی (١٠٨) بە هەر نۆ (٩) لقەکەیەوە شتێکی تێدا نییە کە بۆ کورد بە سوود نەبێت.

١٤. ماددەی (١٠٩) سەبارەت بەوەی کە نەوت و غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی ئێراقن سوودی زیاتر وەك لە زیان. ئەو بەشە عەرەبیەی ئێراق لە ڕاستیدا لە کوردستان کەمتر دەوڵەمەند نییە. تا ئەو کاتەی پێکەوە بین دیارە هەر ئەم جۆرە دابەشکردنە دروستترە، وەك لە هەر کەس بۆ خۆی، بەتایبەتی کە هێشتا لە کوردستان دەروازەیەکی نەوت ڕەوانەکردنی وامان نییە کە جێی متمانە بێت. هەموو ئەمەش

دیاره لەسەر ئەوە کەوتووە کە لە ڕاستییدا کورد چەند ئاگای لە حیسابی فرۆشتنەکانی نەوت و گاز دەبێت.

١٥. ماددەی (١١٠) هەردوو بڕگەی یەك و دوو بۆ کورد باشە، چ لایەنێکی خراپی دژ بە بەرژەوندی کورد تێدا نییە.

١٦. لەبەر ئەوەی کە ماددەی (٤٤) لابرا، وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پی کرد ئەوا ماددەی (١١١) دەبێت بە ماددەی ١١٠. ماددەی (١١١) خاڵی حەوتەمی گۆڕادراوە کە لەسەر مەسەلەی سامانی ئاوە و زیاتر لەسەر بێباوەڕی سوننە و شیعەیە بەرانبەر بە یەك. بە هەرحاڵ ئەم ماددەیە و (١١٢) دژایەتیان لەگەڵ بەرژەوەندی کورددا نییە.

بەندی پێنجەم: دەستەڵاتی هەرێمەکان

١٧. ماددەی (١١٣)، (١١٤)، (١١٥)،(١١٦) بە هەردوو بڕگەی یەك و دووەوە و (١١٧)، (١١٨)، (١١٩)، (١٢٠) و (١٢١) زیانی کوردی تێدا نییە و بگرە کاری کورد لە رووی ڕێکخستنەوە هاسانتر دەکەن، چونکە کوردستان بە بەو بەشەیەوە کە هێشتا نەخراوەتەوە سەری، تا ڕادەیەك لە هەموو لایەك، لەوانە ئەمەریکا و ئینگلیز، دیارە و ئەم ماددانە زیاتر سەرئێشەی سوننە و شیعە دەبن لە ئاییندەدا.

١٨. ماددەی (١٢٢) و (١٢٣) گشتگرن و زیانی کوردیان تێدا نییە.

١٩. ماددەی (١٢٤) کە دەڵێت: "سەرەككۆمار و سەرەکوەزیران و وەزیرەکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و دوو جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەندامانی دەستەلاتی دادوەری و خاوەن پلە تایبەتەکان بۆیان نییە دەستەڵاتی خۆیان بەکار بهێنن بۆ کڕین یان بەکرێگرتنی هیچ موڵکێکی دەوڵەت یان موڵکی خۆیانی پێ بفرۆشن، بەکرێ بیدەنێ، بیگۆڕنەوە یان گرێبەستێك لەگەڵ دەوڵەتدا ئەنجام بدەن بەناوی پابەند بوونی پێشتر یان هێنانی کەلوپەل یان بەڵێندەر"، ماددەیەکی باشە، بەڵام بەڕای من ناتەواوە و دەبێت هەموو خزمێکی دوور و نێزیکیان، هاوڕێ و ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە دەناسرێن و زانیاریان لەسەر هەیە و هەموو جۆرێکیش لە شکاندن یان بەزاندنی ماددەی (١٢٤) ببێتە هۆی سەندنەوەی متمانە و دەرکردن لە پۆست. لە ئێراقێکدا کە گەندەڵی ئیداریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریی لەو پەڕیی بڵندیی خۆیدایە ئەمە گرینگە.

٢٠. لە ماددەی (١٢٥) ـەوە تا ماددەی (١٣٥) شتێکی تێدا نییە کە زەرەر لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردستان بدات.

٢١. ماددەی (١٣٦) بڕگەی دوو جارێکی دیکە پێ لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە دادەگرێت. لەوانە "ئاساییکردنەوە، سەرژمێر، ئەنجامدانی ڕاپرسیی لە کەرکووك و هەموو ئەو ناوچانەی دیکە کە ناکۆکیان لەسەرە" لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە "٢٠٠٧/١٢/٣١" تێپەڕ نەکات. هەڵبەت دوو ساڵ کاتێکی درێژە، بەڵام لە ڕاستیشدا بۆ پرۆسەی وا دەشێت پێویست بێت. دوو ساڵ کات بە هەر حاڵ لە بەراووردی ٨٥ ساڵ بەزۆر بە ئێراقیکردن و بەعەرەبکردن کەمە و کورد وەك نەتەوە زیانێکی تایبەتی لی ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە فرسەتی دەلیلهێنانەوە، بەدرۆسەلماندنی دەوڵەت و خۆبڕیاردانی زیاتر دەبێت ئەگەر دەوڵەت بە کاری خۆی هەڵنەستێت. لە هیچ شوێنێکیش نەنووسراوە کە ئەم پرۆسەیە ناکرێت بە کەمتر لەو ماوەیە ئەنجام بدرێت. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە سنووری کوردستان هەر لە ئێستاوە دیارە. دووبارەی دەکەمەوە، بەشی زۆری ئەم دەستوورە وەك چۆن لەسەر شێوەی لێکدانەوە کەوتووە و لەسەر ئەوەش کە کێ قسەی دەسەپێت، هەرواش لەسەر ئەوە کەوتووە کە ئێمە وەك کورد چەند خەبات بۆ بەکوردستانیکردنی کوردستان لە مانای سیاسیدا دەکەین.

٢٢. ماددەی (١٣٧) هەموو ئەو یاسایانەی لە ساڵی ١٩٩٢ ـ ەوە لە کوردستان دەرچوون و کاریان پێ دەکردرێت، هەروەها بڕیاری دادگاکان و گرێبەستەکان و هتد، بە مەرجێك پێچەوانەی دەستوور نەبن، بە بەردەوامی برەویان هەیە.
هەموو ئەو ماددانەی کە دەبێت پەنجاوشەش (٥٦) جار بە "پێی یاسا" ڕێك بخرێن دەبێت کەسانی کوردی دڵسۆزی کارزان بە وردیی لەسەریان کار بکەن. لەوانەدا دەبێت بەرژەوەندی گەلی کوردستان بە ڕوونی و بە وردی لەبەرچاو بگیرێن. ئەم خالانە ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر دوا شێوەی دەستوورەکە دەبێت.

سەرئەنجام:
ناوەڕۆکی باشی دەستوورێك ئۆتۆماتیك بە مانای کردەوەی باش نایەت. بەڵام بێگومان دەستوور لە دۆخی وەك ئەوی ئێراقدا لە ڕووی سیایسەوە لەسەر کورد دەکەوێت و لەبەر ئەوە گرینگە بەر لەوەی پەسەندی بکەین بزانین تا کویا بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد لەبەرچاو دەگرێت و دەیسەلمێنێت.
دەستووری ئێراق کاتێك نووسرایەوە کە پێوەندی کورد، شیعە و سوننە لەو پەڕی بێتمانەیی و باوەڕ بەیەك نەکردندایە. ڕاستیەکەی من هەمیشە ڕەشبین بووم لەسەر ئەوەی کە ئێمەی کورد و عەرەب بتوانین پێکەوە بژین. ئێستا سوننە و شیعەش پەیدابوون و دوژمنی کورد بەو شێوەیە سیانە (٣) نەك دووان (هەڵبەت ئەمە دەتوانێت بە بارەکەی دیکەیدا قازانجی هەبێت). پێوەندی کورد و عەرەب هەمیشە پێوەندی دەستەڵات بووە، پێوەندی داگیرکراو و داگیرکار، پێوەندی زەرەرلێکەوتوو و زەرەردەر بووە. هەژمۆنی عەرەب لەسەر کورد ساختمێندراوە، مانای سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دراوەتێ.
لەبەر ئەوە من پێموانییە کە ئەم دەستوورە بە مانای "پێکەوە ژیانکردن" دێت، یان بە مانای دروستکردنی گەلێك بە ناوی "گەلی ئێراق" دێت. بەڵام دەستوورەکە بە تەوافوقێکی کاتیی دەبینم کە ستاتسکۆی ناوچەکە لە فەوزا وەدوور دەگرێت. کورد لە کوردستان دەستی ئاوەڵەیە حوکمەتێك بە هەموو مانا سیاسیەکەیەوە دروست بکات.
هاوکات هەردوو گرووپی سوننە و شیعە بێمەجاز خۆیان بە الله و سوننە و شەریعەوە گرێداوە و هەریەکە و لە لای خۆیەوە پێی وایە ڕەواترین لایەنی سەر زەمینە. بۆ کورد کە لانی کەم لە مێژووی مۆدێرندا بە هەموو شێوەیەك لە چەمکی گەلی ئێراق، یەکێتی خاکی ئێراق و سەروەری سیاسیی ئێراق زەرەری کردووە و لەبەر ئەوە گرینگە و مافی هەموو کوردستانییەکە کە بزانێت لە پراکتیکدا دەستکەوتەکانی کامانەن.
دووپاتکردنەوە هەڵدەگرێت کە بڵێم وەك من لێی دەگەم دەستوورەکە زۆر بە توندی پێوەندی بە شێوەی لێکدانەوەوە هەیە، لێکدانەوەکان سەبارەت بە ئیسلام، جۆری ئیسلام، لایەنی توندوتیژ یان نەرمی ئیسلام و هتد هەیە. پارسەنگی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی و سەربازیی لە ئاییندەدا دەوری بەرچاو دەگێڕیت، نەك خودی دەستوورەکە.
ڕەوشی بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێوەندی ئێمە و ئەوان هەروەها فاکتەری گرینگن لە خودی پرۆسە ئازادیخوازانەکەدا.
دۆخی سیاسی هەن کە ئێمە دەبێت لە کوردستان بیانئافرێنین بۆ ئەوەی بتوانین لە لێکدانەوەی دەستوورەکەدا دەستمان لەسەرەوە بێت، بێ ئەو زەمینە خۆشکردنە، کە من بە پێشمەرجیان دادەنێم، ئەستەمە بتوانین لە درێژخایاندا بیبەینەوە.

من ئەو خاڵانە ئاوا ڕیز دەکەم:
0. یەکگرتنەوەی هەرچی زووی هەردوو ئیدارەکە
1. ڕێزگرتن لە دەستەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هاوکاریکردن، یارمەتیدان و هاسانکاریی و ڕێگا پێدانی کە بتوانێت کاری سیاسی خۆی ئەنجام بدات.

2. ڕێزگرتن لە حوکمەتی هەرێمی کوردستان، هاوکاریکردن، یارمەتیدان و هەوڵدانی تەواو بۆ ئەوەی کەسانی لێهاتوو، کارزان، بەتوانا و جێی بڕوا لە مەمەڕەکانی دەسەڵاتدا بن. پێشمەرجەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی هەبوونی کەمترین گەندەڵی و بیروکراسییە، نزیکبوون لە خەڵك و کردنەوەی پرۆژەی ئاوەدانی، ئینفراستروکتور و دارشتنی پلانی ئایندەییە.
3. دامەزراندنی دام و دەزگای جۆر بە جۆر بۆ ئەوەی دەستەڵاتی سیاسی و پسپۆڕی و ئەنجامدان تێکەڵ نەبن. لەوانە سیستەمێکی وای خوێندن کە تاکەکەس تیایدا ناوەند بێت، کە بەرابەریی لە سەداسەدی ئافرەتان و پیاوان، مافی مرۆڤ، بنەما دیموکراسیەکان و سیکولاریزم بەردی بناخە و پرنسیپی سەرەکی خوێندن و فێرکردن بن.
4. لە کوردستان دەستەڵاتی سیاسی و ئایین دەبێت جودا بن، ئەمە دژایەتی هیچ بەندێکی دەستوور ناکات. لە ڕاستیدا هەر دەتوانین بیکەین بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی بۆ تاقیکردنەوەیەکی سیاسی دیموکراسیی.
5. دەبێت یاسا سەروەر بێت، تاکەکەس متمانە بە دادگا، پۆلیس، ئاسایش و سەرۆکایەتی سیاسی و دام و دەزگاکانی دیکە بکات.
6. هەموو تاکەکەسێکی کوردستان پابەندی یاسا و ڕێسا بن، ڕێز لە ماف و ئەرکی خۆیان بگرن. ئەمە بە پەروەردەیەکی سیاسی کوردستانیی مەیسەر دەبێت کە بێگومان حوکمەتی هەرێمی کوردستان لێی بەرپرسیارە.
7. کاری پلان بۆکراو و ورد دارێژراو بۆ ئەوەی هەرچی زووترە هەموو ئەو بەشانەی کوردستان کە ئێستا لە سەر هەرێم نیین بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.
8. بەهێزکردن و بەرەوپێشەوەبردنی خەباتی ئازادیخوازی بەشەکانی دیکەی کوردستان بێ ئەوەی دەست لە کاری تایبەتیان وەر بدرێت. ئێستا ئەوان پێشسەنگەری باشوورن.